# ئازادیخوازانو ئینسان دۆستان له سەراسەری ئەوروپا!

# تا کەی له بەرامبەر هەلومەرجی نائینسانی ژیانی پەنابەرانی عیراقی بێ دەنگ دەمێنن

ڕۆژی 24-1-2006 له شارۆچکەی ئاستین له ئایندهۆفنی هۆلەندا، ڤیان رئوف محمد که دایکی دوو منالە و له گەلّ خیزانەکەی ماوەی 9 سالە له هۆلەندا له چاوەڕوانی مافی پەنابەرییه له لایەن پۆلیسی ئەو شارەوه بۆ ماوەی 4 ڕۆژ له زیندانی ئینفرادی زیندانی دەکرێت. تاقه تاوانی ڤیان ئەوەیه که له جەهەنمێك که ناوی عیراقه هەلهاتووەو نایەوێت خۆیو خێزانەکەی بۆ وولاتێك بەرێتەوه که به ئیعترافی هەموو ناوەندە سیاسییه ئاگادارەکانی دنیا خەتەرناك ترین شوێنی دنیایه.

ڤیان تەنها ناونیشانێکی ئەو بێمافیو مامەلّه نائینسانییەیه که دەیان هەزار پەنابەری عیراق چ له ئەوروپاو چ له له وولاتانی دەوروبەری عیراق به دەستییەوه دەنالێنن.

جەنگو داگیرکاری عیراقی له کۆمەلگایەکەوه گۆڕی به جەنگەلّستانێکی واقعی، شەڕی له 3 سالّ لەوەوبەرەوه هەلگیرساو تا ئیستا بەردەوامەو لایەنەکانی له هیچ تاوانێكو کوشتارێك دەست ناپارێزن،ڕۆژانه چەندین ئینسان له ژن ومنال و خەلکی مەدەنی دەبنه قوربانی مسابەقەی تیرۆریستان ، نه تاقمه تیرۆریستەکان هیچ سنوورێك بۆ ئینسان کوشتن قایلنو نه چەکدارەکانی لەشکری ئەمریکا سلّ له ویرانکردن وله خاكو خوێن هەلّکیشانی هیچ ناوچەیەكو شوینیکی مەدەنی دەکەنەوە. تیرۆریزمو جەنگی تائیفی ومەزهەبی، بێ یاساییو بەرزبوونەوەی بێ ئەندازەی ڕادە تاوانو کوشتنو فڕاندنی خەلّك، سەرکوتو خۆداسەپاندنی ڕەوته ئیسلامییه تاوانکارەکان له ناوەڕاستو باشوری عیراق، حوکمی میلیشیاییو بێ قانونیو سەرکوتو زیندانی کردنو ڕاونانی خەلّکانی ئۆپۆزیسیۆنو تەقەکردن له ناڕەزایەتییه هیمنانەکانی خەلّك له ژیر سایەی هەردوو حزبی دەسەلاتدار له کوردستانی عیراق هەموو ئەمانه ڕۆژانه به سەدان کەس له خەلّکی ئەم وولاته بۆ ئەو دیو سنوورەکان فڕێ دەدەن.

به پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامه نووسه غەربییەکان له عیراقەوه ڕۆژانه زیاتر 1100 کەس تەنها له ڕێگای ئوردنەوه عیراق جێ دەهێلّنو بەشی زۆریان هەرگیز ناگەڕێنەوە. له ماوەی ئەم سێ سالّەی داگیرکاری عیراقدا زیاتر له ملیۆنێك له دانیشتوانی عیراق هەلّهاتوون. ئەوانه که سالّەهای سالّ تەحەمولی باری قورسی گەمارۆی ئابووریو حوکمی دەسەلاتێکی خوینڕێژی وەکو بەعسیان کردبوو ئەمڕۆ چیتر ناتوانن لەبەرامبەر سەختی هەلومەرجەکانی ژیانو نەبوونی ئەمنیەت خۆیان ڕابگرن.

لەم نێوەدا دەبینین، هاوپەیمانانی ئەمریکا، وولاتانی وەکو بەرتانیاو هۆلەندا که مەحکەم له پشت نەخشه ویرانکارییەکانی ئەمریکاوه له بەرامبەر عیراق وەستاون، نەك هەر بەرپرسیاریتی له بەرامبەر باروئەنجامه ئینسانییەکانی ئەم هەلومەرجەی عیراق نیشان نادەن، بەلّکو خەریکن به نا ئینسانیترین شێوەو به کردەوەی پۆلیسی وەها که ڕژێمه سەرکوتگەرەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستمان بیر دێنێتەوه مامەلّەی پەنابەرانی کورد و عیراقی دەکەن.

نهێنییەك ئاشکرا ناکەین ئەگەر بلّێین سیاسەتی نوێی پەنابەری بەشێکه له هیرشێکی هەمەلایەنەی بۆ سەر ئینسانو مافەکانی له سەرتاسەری ئەوروپا، ئەم دەسەلاتو حکومەتانه به هەر بیانوویەکەوه سیاسەتی دژی پەنابەری خۆیان دەبەنه پێشەوە، سوود پەرستی ودانانی بەرژەوەندی ئابووری سەرمایەداران له پێش بەها ئینسانییەکانەوه، کەم کردنەوەی خزمەتگوزارییه کۆمەلایەتییەکانو داسەپاندنی هەلومەرجی قورستری کارکردنو زەمینەسازکردن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەته ئابوورییه ڕاستڕەوه نیۆ لیبرالییەکانیان مەبەسته.

پەنابەرانی کوردو عیراقی قوربانی سیاسەتی جەنگو داگیرکاری وسیاسەتەکانی ئەمریکاو غەربن،قوربانی سیاسەتی دژی پەنابەری وولاتانی ئەوروپان، ئەوه ئاشکرایه که پەلاماردانی مافی پەنابەرییو سەندنەوەی ئەم مافەو پشتکردن له هەموو بەها ئینسانییەکان له بواری ڕیزگرتن له مافی ژیان بۆ خەلّکێك که قوربانی ستەمو سەرکوتن له وولاتەکەی خۆیان سیاسەتێکی سەرتاسەرییه له هەموو ئەوروپاو تەواوی حکومەتەکانی ئەوروپای له پشتەوه را وەستاوە.

ئەوەی لەم نێوەدا سەرتاسەری نییەو تا ئیستا کاردانەوەی له ئاستی ئەم پەلاماره نائینسانییەدا نییە، جوولانەوەی ئازادیخوازی وئینساندۆستی ئەورپایه.

ئیمه هەموو یەکیتی کرێکارییەکانو ڕێکخراوەکانی دیفاع له مافی مرۆڤ و هەموو حیزبو لایەنه ئازادیخوازەکان بانگەواز دەکەین که یەکپارچه و یەك ڕیز بەرامبەر بەم هیرشه بۆ سەر پەنابەرانو به تایبەت پەنابەرانی کورد و عیراقی ڕاوەستن. ئەگەر پەلاماری حکومەتەکانی ئەوروپا سەرتاسەری و هەمەلایەنەیە، ڕووبەڕوو وەستانەوەی ئەو هیزانەی دیفاعیان له مافه سەرەتاییەکانی ئینسان و ئازادییەکان به ئەرکی خۆیان داناوه ناتوانێتو ناکرێت محەللی ولەیەکتر دابڕاو بێت، کۆبوونەوەمان له دەوری یەكو ریککەوتنمان له دەوری نەخشەیەك بۆ کاری هاوبەشو هاوئاهەنگ له سەرتاسەری ئەوروپا دەتوانێت ئەم پەلاماره ڕابگرێت وە ئیستا ئێمه لەئاستی بریتانیا خەریکی پێکهینانی بەریەکی هاوبەشین لەچەندین نیهادو ڕێکخراوی پەنابەریو کەمپینەرو ئەندام پەرلەمان و یەکیتی کرێکاری ورێکخراوی ئینسانی دژ بەدیپۆرتی پەنابەرانی کوردو عیراقی ،گرنگه ئەم هەنگاوه سەرتاسەری بکەینەوه لەئاستی وولاتانی ئەورپا دا وە له هەنگاوی یەکەمدا دەتوانێت فریای دەیان هەزار پەنابەری عیراقی بکەوێت. با له دەوری دروشمی مافی پەنابەری بۆ هەموو پەنابەران کۆببینەوەو با لەدەوری بەرگری لەبەها ئینسانی یەکان، ماڤ نیشتەجێ بوون وبەرگری لەمافەکانی پەنابەران ودژ به دیپۆرتی پەنابەران. با له پیناوی نەجاتدانی قوربانییان وهەلّهاتووان له جەنگو داکیرکاری عیراق بێینه مەیدان.

**دەشتی جمال**

**له فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2006-1-31**

**d.jamal@ntlworld.com**